



# هاووڵاتیانی مەخموور:

# ئیدارەی پارێزگای موسڵ ناوچەکەی فەرامۆشکردووە..

مەخموور کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ١٩٤ هەزار کەسەو بەوە ناسراوە کە لە توانایدا هەیە پێداویستی ئاردی هەموو عێراق دابین بکات، بەڵام پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی ئەم دەڤەرە لەلایەن ئیدارەی حکومەتی بەغداوە وایلێکردووە لەرووی کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییەوە زیانێکی گەورەی بەربکەوێت، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە بەهۆی فەرامۆشکردنی ناوچەکە لەلایەن ئیدارەی موسڵەوە لە بواری خزمەتگوزارییەکاندا بێبەش بووە، هەر بۆیە دووبارە دیاردەی کۆچی پێچەوانە لەسەنتەری مەخموورو هەرچوار ناحیەکەی ( دیبەگەو گوێڕو قەراج و مەلاقەرە) بۆ شاری هەولێر دەستی پێکردۆتەوە. هەربۆیە سەرەرای ئەوەی ئەم قەزایە سەر بەئیدارەی موسڵە، بەڵام هاووڵاتیانی مەخموور شارەکەیان بەکوردستانی دەزانن و ئەمساڵ لەچاوەڕوانی پرۆژەی خزمەتگوزاری دیکەی حکومەتی هەرێمدان ..



# تەرخانكردنی بودجەیەكی تایبەت بۆ چارەسەركردنی كەموكوڕییەكان







بەمەبەستی لەنزیكەوە ئاگاداربوون لەداواكاری و پێداویستیەكانی هاووڵاتیان وەكو تیمی گوڵان بەرەو مەخموور بەڕێكەوتین و لەنزیكەوە چاومان بە ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی ناوچەكە كەوت، كەموكورتی پرۆژە خزمەتگوزارییەكان و چارەسەرنەكردنی ژمارەیەك لەكێشەكانیان لەگرنگترین خەمەكانی هاووڵاتیان بوو، لەمەش دا ئیدارەی پارێزگای موسڵیان لەبەرامبەر فەرامۆشكردنی شارەكەیان بەكەمتەرخەم دەزانی. هاوكات گەرچی سوپاسی حكومەتی هەرێمیان دەكرد بەوەی كاری بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی كارەباو كەرتی تەندروستی كردووە، هاوكات گلەیی و داواكاریشیان لەحكومەتی هەرێمی كوردستان هەبوو؛ خاتوو حەمدیە رەسول داوای لەحكومەتی هەرێم هەبوو بەوەی ئاوڕێك لەناوچەكەیان بداتەوەو بودجەیەك بۆ شارەوانی قەزاكەیان تەرخان بكات، لەم رووە ئەم هاووڵاتییە وتیشی: مەخموور لەخزمەتگوزاریدا كەموكوڕی هەیەو بودجەی تەرخانكراویش لەلایەن حكومەتی عێراق و هەرێمەوە كەمەو بەشی كارو پرۆژەكانی ناكات. هەروەها هاووڵاتی ئیسماعیل عەزیز لەگەڕەكی فەرمانبەران هەمان بۆچوونی هەبوو بەوەی نەگەڕانەوەی مەخموور بۆ سەر هەرێمی كوردستان وایكردووە لەزۆر كارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بێبەش بین. لەبەرامبەریشدا رای جیاواز هەبوو بەوەی حكومەت كاری كردووە، بەڵام بەپێی وێرانی و بەپەراوێزخستنەكەی ناوچەكەو كاریگەرییەكانی وشكەساڵی نەبووە. سەبارەت بە گرفتی كەم ئاوی هاووڵاتی محەمەد ئەحمەد لەگەڕەكی قەڵا وتی: لە شەقام و ڕێگاوبان و قوتابخانەو ئاوەڕۆو كارەبا گلەییمان كەمە، بەڵام گرفتی كەمی ئاوی خواردنەوەو نەبوونی پرۆژەكانی ئاودێریمان هەیە، بەرادەیەك وایكردووە گوندەكانمان چۆڵ بكرێنەوە. هەر لەم ڕووەوە هاووڵاتی عەزیز رەسول پێی وابوو زۆر گوندمان هەیە كە لەبەر كێشەی كەمی خزمەتگوزاری و كەمی ئاوی خواردنەوەو ئاودێریی بەتەواوەتی ئاوەدان نەكراونەتەوە وەكو گوندی گردەشینە. بەمشێوەیە كەمی ئاوی خواردنەوە لەدیارترین ئەو گرفتانەیە كە هاووڵاتیان داوا لەحكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەن مشورێكی بەپەلەی لێبخوات لەمبارەوە هاووڵاتی گوڵیزار خدر لەگەڕەكی شیروان وتی: ئاوی خواردنەوەمان كەمەو پێویستە بۆ وەرزی هاوین حكومەتی هەرێم چەند پرۆژەیەك لە ئێستاوە دەست بەجێبەجێكردنی بكات، چونكە ئێستا لەهەفتەیەكدا چەند كاتژمێرێك ئاوی خواردنەوە دێت كە زۆربەی كات ئاوەكەی تاڵ و قوڕاوییە. سەبارەت بەپرۆژە خزمەتگوزارییەكانی شارەوانیش لەبارودۆخێكی باشتردا نییە لەمبارەیەوە هاووڵاتی ئیسماعیل ئیبراهیم لەگەڕەكی كوردستان وتی: گەرچی چەند ساڵێكە كار بۆ چارەسەركردنی گرفت و كێشەكان دەكرێت، بەڵام هێشتا كەموكوڕی زۆرە هەر لەبواری خزمەتگوزاری شارەوانییەوە

**چارەسەركردنی گرفتی ئاوی خواردنەوە لەدیارترین داواكارییەكانی هاووڵاتیانی مەخموورە، سەبارەت بەم گرفتە قایمقامی مەخموور پشتگیری لەداواكاری و رەخنەكانی هاووڵاتیان كردوو پێی وابوو گرفت لەسەرچاوەی ئاوەكە نییە، بەڵكو لەكۆنی تۆڕی ئاوی خواردنەوەكەیە. لەلایەكی ترەوە بەپێی وتەكانی قایمقام بڕی ٤ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دینار بۆ نۆژەنكردنەوەی ئاوی سوڵتان عەبدوڵلا لەلایەن هەرێمەوە تەرخانكراوە، بەڵام پرۆژەكە بەهۆی خراپی كارو بێ ئەزموونی بەڵێندەرەوە دواكەوتووە. لەلایەكی ترەوە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم بڕی ٩٠٠ ملیۆن دیناری لە لێكۆڵینەوەی دروستكردنی پرۆژەیەكی ستراتیژی بۆ ڕاكێشانی ئاوی خواردنەوە لە زێی گەورەوە بۆ مەخموور تەرخانكردوو پرۆژەكە تەواو بووە.**

تا بوارەکانی جوانکاری و باخچەو گرنگیدان بەلایەنی لاوان هۆشیاری و کردنەوەی خولەکانی مەشق و راهێنان.

لە ڕووی پاکوخاوێنی و کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵ و خاشاکیشەوە کەموکوڕییەکی بەرچاو هەیەو لایەنی شارەوانیش هۆکارەکەی بۆ کەمی بودجەو پارەی تەرخانکراو دەگەڕێنێتەوە، تەنانەت ئەو ژمارە کەمەی کرێکاران کە بەشێوەی گرێبەست بۆ ئەم مەبەستە دامەزراون کەمەو بەشی بەڕێوەچوونی کارەکان ناکات.

لەم بارەیەوە لەگەڕەکی سەرای هاووڵاتی ئەحمەد حەسەن وتی: خەڵکی لەبازاڕو گەڕەکەکانی تریشەوە زبڵ و خاشاکیان لێرە فڕێدەدەن، دیاردەی فڕێدانی زبڵ و خاشاك یەکێکە لەخراپترین دیاردەکان. هەر سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکانی شارەوانی لەبەر نەبوونی ئاوەڕۆی پێویست گۆمە ئاوی زۆر لەناو قەزاکە کۆبووەتەوە بەوتەی هاووڵاتیان بۆ نەبوونی ئاوەڕۆ دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەگەڕەکی مەلایان کە چەندماڵێك بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو گۆمانە ئاستەنگ لەبەردەم هاتوچۆیان دروستبووە هەربۆیە هاووڵاتیان دەڵێن گەر بێتوو پێش هاتنی وەرزی گەرما چارەسەری ئەو گۆماوانە نەکرێت دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی، لەگەڕەکی مەلایانیش خاتوو مەلیحە کەریم وتی: دووجار ئاگاداری لایەنی پەیوەندارمان کردەوە کە ناتوانین بەهۆی ئەو گۆماوانەوە هاتوچۆ بکەین بگرە مەترسیمان هەیە لەکەوتنەوەی ڕووداوی خنکان..لەلایەکی ترەوە دواکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی شارەوانی بەتایبەتی پرۆژەکانی ئاوەڕۆ جێی رەخنەو گلەیی هاووڵاتیان بوو؛ لەمبارەیەوە کامەران محەمەد لەگەڕەکی شێروان وتی: ماوەی زیاتر لەمانگێکە کۆڵانەکەمان بۆ پرۆژەیەکی ئاوەڕۆ تێکداوەو ژیانمان لێتێکچووەو تۆڕی ئاوی خواردنەوەشمان تێکچووە، تەنانەت ئەو بۆرییە ئاوەڕۆ بچووکانەش کە ئێستا بۆ پرۆژەکانی ئاوەڕۆ دادەنرێت لەدوا رۆژدا چارەسەری گرفتەکە ناکات و دەبێتە کێشەیەکی تر.

یەکێك لەداواکاریی خەڵکی لەمەخموور گرنگیدان بوو بە تەندروستی؛ سەبارەت بەگرفتەکانی ئەم کەرتە خاتوو زەینەب رەسول پێی وابوو گەرچی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە نەخۆشخانەیەکیان بۆ دروستکراوە و پزیشکی ئافرەتانیشیان بۆ دانراوە، بەڵام شوێنی لەدایکبوون و منداڵانی نییە بەوتەی ئەم ئافرەتە بۆ ئەم حاڵەتە بەناچاری ئافرەتە دووگیانەکان دەنێردرێنە هەولێر. هەر سەبارەت بەم بوارە خاتوو گوڵیزار داوای لەحکومەتی هەرێم کرد ئەو بنکە تەندروستییەی کراوەتەوە بەشی چارەسەری ئافرەتانی دووگیانی تێدا بکرێتەوە. هەروەها لەگەڕەکی کوردستان فاتیمە محەمەد کە نەخۆشی شێرپەنجەی هەیەو داوای لەحکومەتی هەرێم کرد کە خەرجی چارەسەرەکانی بۆ دابین بکات چونکە بەبەردەوام ناچارە هاتوچۆی نەخۆشخانەی رزگاری و نۆرینگەو کڕینی دەرمان بێت و بڕە پارەیەکی زۆری بۆ ئەم مەبەستە قەرز کردووە، هەربۆیە داواکارە مووچەیەکی تایبەتی بۆ ببڕێتەوە. لەڕووی گرنگیدانیش بەباخچەی ساوایان کە بە وتەی هاووڵاتیان تەنیا دوو باخچەی ساوایان لەشارەکەیان هەیەو ژمارەیەکیش لە بینایەی قوتابخانەکان کۆنەو پێویستی بە نۆژەنکردنەوەو بەرفراوانکردن هەیە.

## قایمقامی مەخموور بۆ (گوڵان):

# تاکە ڕێگا بۆ بووژانەوەی سنوورەکە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری مەخموورو قەراجە

ئیبراهیم شێخەڵڵا قایمقامی قەزای مەخموور لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (گوڵان)دا باسی لە هۆکارەکانی گرفتی خزمەتگوزاری و نەبوونی پرۆژەی گرنگ و پێویست کرد، هەروەها ریزبەندی گرنگترین ئەو پرۆژانەی خستەڕوو کە بۆ ئەمساڵ بۆ قەزاکەیان دەرچووە، لەم رووەوە پێی راگەیاندین (پێشتر کە پێوەندی لەگەڵ لیستی حەدبا ئاسایی نەبوو) لەساڵی ٢٠١١ لە موسڵەوە تەنیا ٨ ملیار دینار بۆ هەموو سنوورەکە تەرخانکرابوو، لەکاتێکدا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ٥٩ ملیار دینار تەرخانکرابوو، ئێستا بارودۆخەکە ئاسایی بۆتەوەو لە ٢٠١٢ لەلایەن موسڵەوە ٣٥ ملیار دینار تەرخانکراو، لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێریش زیاتر لە ١٢ ملیار دینار تەرخانکرا و لەبودجەی وەزارەتەکانی هەرێمیش ٦ ملیار دینار، بڕیاریشە ئەمساڵ لەسەر بودجەی شیرینی گرێبەستەکانی نەوت بۆ مەخموور ١٦ ملیار دینار خەرج بکرێت و لەموسڵیشەوە نزیکەی ٢٣ ملیارو لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێریش ٦تا ٧ ملیاری دیکە ئامادە بکرێت.

مەخموور تا ئێستا ماستەرپلانی نییەو نەبوونی ماستەرپلان ڕێگرە لەبەردەم ئەنجامدانی زۆربەی پرۆژەکانمان بۆ ئەمساڵ پارێزگای موسڵ و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم بڕیاریانداوە پرۆژەی ماستەرپلانی بۆ جێبەجێ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمساڵ پرۆژەکانی ڕێگاوبان و شارەوانی و راکێشانی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی گوندەکان لەریزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارەکاندا دەبێت، بۆ نموونە لەبەرنامەو پلاندایە ئەمساڵ لەگەڵ دروستکردنی ماستەرپلانەکە قۆناغ بە قۆناغ ئاوەڕۆکان دروست بکەین تا ئەو گۆلاوە ئاوانەی کە لەگەڕەك و کۆڵانەکان کۆبۆتەوە چارەسەر بکرێت هەروەها پرۆژەکانی دیکەی شەقام و قیرتاوکردنی شەقامەکان و دانان و نوێکردنەوەی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەو کارەباش بەهەمان شێوە کاری تێدا دەکەین، لەلایەکی دیکەوە ساڵانە لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بڕە پارەیەك بۆ بەجووت سایدی سەرەکیی بازاڕگە تەرخان دەکرێت، لەم ساڵانەی



دواییشدا پارەیەکی باش بۆ شارەوانی تەرخانکراوە، بەڵام لەبەر ئـــەو کاولکاری و وێرانییەی زیاتر لە ٤٠ ســـاڵە رووبەڕووی ســـنووری مەخموور بۆتەوە، بۆیە ئەو پارەیە بەشـــی هەموو پرۆژەیەك ناکات و هێشـــتا نەتوانراوە هەموو کەموکوڕییەکان چارەســـەر بکرێت، بۆ نموونە کەموکوڕیمان لەبواری کەمی ئامێرو کرێکار بۆ پاککردنەوەی زبڵ و خاشاك هەیەو کارگەی ریســـایکلینیش بۆ چارەســـەرکردنی زبڵ و خاشاکەکە نییە. گەر ئەو بودجەو پرۆژانە بەمشـــێوەیەی ئێســـتا بەردەوام بێت تا ٤ ســـاڵی دیکە پرۆژەو کارەکان دەگەنە ئاســـتی پێویست و داواکارییەکان. بەڵام لێرەدا پێویســـتە ئەو راستیە بزانین کە ئاوەدانکردنـــەوەی گوندەکان تەنیا پەیوەندی بەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بەهەلی بژێوی ژیان و خۆشگوزەرانی و بەدەســـتهێنانی داهاتی تاکەکەسی بەرز هەیە کە لەســـەنتەری شارەکان هەیەو هاندەرە بۆ کۆچکردنی گوندنشـــینەکان، هەر بۆیە پێویســـتە پـــرۆژەی ئاودێری و کشـــتوکاڵی بۆ گوندەکان جێبەجێ بکرێـــت تاوەکو ژێرخانی کشـــتوکاڵی و ئاژەڵداری ببووژێتەوەو هاندەری بەدەستهێنانی داهات بێت نەك وەکو ئێســـتا لەگوندەکانی قەراج کەسی تێدا ناژی چونکە سەرچاوەی بژێوی ژیانی تێدا نییە، ئەو پرۆژە ئاودێرییەی کە بڕیاربوو لەســـاڵی ٢٠١٢ بۆ مەخموورو قەراج جێبەجێ بکرێت ئێســـتا لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تەواو بووەو ئێستا حکومەتی فیدرالی بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆ رووپێوکردن داویەتی بە بەڵێندەرو لەســـاڵی داهاتوو قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرێت، هەربۆیە گەربێتو حکومەتی فیدرالی پرۆژەکە جێبەجێ نەکات داواکارین حکومەتی هەرێم هەســـتێت بەجێبەجێکردنی پرۆژە ئاودێرییەکە کە بۆ ناوچەکە زۆر پێویستەو تاکە ڕێگایە بۆ بووژانەوەی سنوورەکە.

ســـەبارەت بەهەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستی، قایمقامی مەخموور وتی: گرفتی بینایەی قوتابخانەمان لەناو هەندێك گەڕەك مـــاوە و بڕیارە بینایەی چەند قوتابخانەیەکی نوێمان بۆ دروست بکرێت، لەبواری تەندروستیش لە ساڵانی رابردوو کاری باش لەمبوارەدا ئەنجامدراو ئێستا بنکەی تەندروستی تایب A مان هەیەو لەلایەن خێرخوازێکیشـــەوە ســـێ هۆڵی فریاکەوتنی ئافرەتان و پیاوان و نەشـــتەرگەری لەدایکبوون دروست دەکرێت، ئەمە جگە لەپرۆژەیەکی حکومەتی ناوەندی بەوەی نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی هاوچەرخ کە بڕیارە بۆ مەخموور دروست بکرێت.

ســـەبارەت بەدوو ئیدارەیی و گرفتەکانی ئەم بوارە قایمقامی مەخمـــوور وتی: لە ڕووی ئیداریی و یاســـایی و مامەڵەی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی بڕیاری ١٤٠ ئیدارەی شـــارەکەو هاووڵاتیانیش کێشـــەمان هەیە، بەڵام لەرووی ئەوەی هەردوو لا پرۆژەیـــان جێبەجێ کردووە ســـودمەند بوویـــن، بەڵام لە ڕووی دواکەوتنـــی جێبەجێکردنی مـــاددەی ١٤٠ەوە لەلایەن خودی لیژنەی بـــاڵای ١٤٠ەوە کەموکورتی هەیەو بودجەی پێویســـت بۆ قەرەبووکردنەوەو ئاســـایکردنەوە تەرخان نەکراوەو تا ئێســـتا نووســـینگەی ماددەی ١٤٠ لەمەخمـــوور نییە، تەنانەت حکومەتی فیدراڵی گەورەترین ئاســـتەنگە لەبەردەم جێبەجێکردنـــی بڕیارەکە، من لێرەدا دەمەوێت روونکردنەوەیەك بدەم بەوەی گەڕانەوەی مەخموور بۆ سەر هەرێمی کوردستان تەنیا بڕیارێکی دەوێت و وەکو ناوچە کوردســـتانیەکانی تری دەرەوەی هەرێم نییە.

لەکۆتاییدا قایمقامی مەخموور وتی: بۆ دروستکردنی شەقامی ســـەرەکی داوای٣ ملیـــارو ٢٠٠ ملیۆن دینارمـــان کردووەو پرۆژەی تەواوکردنی دووســـایدی نێوان هەولێرو مەخووریش بودجـــەی بۆ دانـــراوە و پرۆژەی ڕێـــگای هەولێر–گوێریش لەقۆناغی رووپێوکردندایەو بڕیاریشـــە ناوچەی پیشەســـازی ببرێتـــە دەرەوەی مەخموور، لەبواری گرنگیـــدان بەلاوانیش بینایەیەکـــی هاوچەرخ بۆ ناوەنـــدی وەرزش و لاوان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دروستکراوەو گۆڕەپان و کۆمەڵگایەکی وەرزشی مۆدێریش دروست دەکرێت و چەند پارکێکیش لەمساڵدا لەناو سەنتەری شار دروست دەکەین. یەکێك لەدەستکەوتەکانی ساڵی رابردوو راکێشانی کارەبای هەرێم بوو کە لەسەربڕیاری جەنابی ســـەرۆکی هەرێم دەستکرا بەجێبەجێکردنی راکێشانی کارەباو ئەنجامدانی پرۆژەی ڕاکێشـــانی هێڵی کارەبای ١٣٢ کەی ڤی، کـــە وایکرد کارەبای مەخمـــوور بگاتە ١٦- ١٨ کاتژمێرو هیچ پێوەندیمان بەموسڵەوە نەما.

**راکێشانی کارەباو ئەنجامدانی پرۆژەی راکێشانی هێڵی کارەبای ١٣٢ کەی ڤی کە لەسەر بڕیاری جەنابی سەرۆکی هەرێم جێبەجێ دەکرێت گەورەترین دەستکەوتی ساڵی رابردوو بوو بۆ هاووڵاتیانی مەخموور**

**پرۆژەی تەواوکردنی دووسایدی نێوان هەولێرو مەخمووریش بودجەی بۆ دانراوە و پرۆژەی ڕێگای هەولێر – گوێریش لەقۆناغی رووپێوکردندایە**

**سێ هۆڵی فریاکەوتنی ئافرەتان و پیاوان و نەشتەرگەری لەدایکبوون لەلایەن خێرخوازێکەوە دروست دەکرێت**